# دانیشتنی کۆمیتەکانی کۆمەڵەو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەنۆرویژ

رۆژی یەك شەمەرێکەوتی 9ی9ی 2007ی زایینی لەسەر بانگهێشتی کۆمیتەیحیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە نۆرویژ وەفدێك لەلایەن کۆمیتەی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لەنۆرویژ سەردانی حیزبی دیموکراتیان کرد، وەفدی کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات لەبارەگای حیزبی دیموکرات لەولاتی نۆرویژ- شاری ئۆسلۆ دوا نیوەرۆی رۆژی یەكشەممە کاتژمێر2ی پاش نیوەرۆ کۆبوونەوە، سەرەتا لەلایەن وەفدی خانەخوێ کە پێك هاتبوون لە بەرێزان ساڵح وەلیزادە راوێژکاریبەشی تەشکیلاتیحیزب لەئەورووپا، گەلاوێژموحەمەدیئەندامیکۆمیتەیحیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانلەنۆرویژ، سمکۆ ئیسماعیلزادەراوێژکاری کۆمیتەی حیزب لەنۆرویژ پاش بەخێر هاتن لە وەفدی میوان قسەو باسی خۆیان دەست پێ کرد، دواتر وەفدی کۆمیتەێ کۆمەڵە کە پێك هاتبو لە هاوڕێیان باقر شکووهی ئەندامی کۆمیتەێ مەڵبەندی سکاندیناوی کۆمەڵە، حوسەین ئەمجەدی ئەندامی کۆمیتەێ نۆرویژ و بە رپرسی ئیجرائی کۆمیتەکە، کەیوان فەتحیئەندامی کۆمیتەێ نۆرویژوبەرپرسی پێوەندیە ئێرانیەکان، ئیبراهیم کۆنەپۆشێ ئەندامی کۆمیتەێ نۆرویژ وبەڕ پرسی پێوەندیە کوردستانیەکان لە نۆرویژ وێڕای پێشکەش کردنی سوپاس وریزی خۆیان بۆ وەفدی خانەخوێ هەردولا قسە باوسێکی تێر وتەسەلیان لەسەر بار ودۆخی سیاسی ناوچەکەو ئەرکی دوولایەن وباروو دۆخی گەلی کورد پێشکەش بەیەکترین کرد، دواتر هەر دوولا جەختیان لەسەر پێوەندی دۆستانەی زیاتر وکاری هاوبەش لە داهاتوو دا کردەوە، شێوازیهەڵگرتنەوەی هەنگای هاوبەش پێکەوە بۆ ناساندنی دۆزی کورد بە رای گشتی و هەروەهالەسەر شێوازی هاوکاری داهاتویان پێکەوەو و خاڵی لاوازی بزووتنەوەی کوردی لەدەرەوەی وڵات وخاڵە بەهێزەکانی خرانە بەر باس ولێکۆڵینەوە، هەردوولالە سەر هاوکاری وپێوەندی چڕوپڕتر پێکەوە پێیان داگرت، کۆبوونەوەکە کاتژمێر 5 ئێوارە لەکەوش وهەوایەکی زۆر دۆستانەدا کۆتایی پێ هات و لە لایەن وەفدی خانە خوێنەوە بە رێز ئێحترامەوە وەفدی میوان بەڕێ کران.

**کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

**کۆمیتەێ نۆرویژ**

10ی 9ی 2007ی زایینی

Komala Party - Iranian Kurdistan
Committe in Norway

www.komala.org
**E-mail:** komala_no@hotmail.com
**Adres:** Komala Postboks 115 linderud 0517 Oslo norway
**Account nr:** postbanken 05355661913
**Tel:** 922 800 25